# ئاشتی لە ویژدانی سەرکردەکانەوە

ئەمڕۆکە کوردستان لەهەموو کات زیاتر پێوستی بەئاشتی و برەودان وگەشەکردنی بواری کۆمەڵایەتیە، تا بتوانرێت وردە وردە بیری میلیتاری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی لەمێشك و دەرونی ئەندامانی کۆمەڵدا دەربکرێت، بۆیە ئەرکی رۆشنبیرانی کوردە پێش هەموو کەسێك، بیر لەیەکخستنی بیری وهۆشمەندی بکەنەوەتا بتوانن وەرچەرخانێك دروست بکەن لەکۆمەڵگادا، بێ گوێدانە ئەو رێکخراوەی کە تێیدا کاردەکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی بخەنە پێش هەموو شتێکی دیکە، چونکە کوردستان ئەمرۆکە کەوتۆتە دوریانێکی ترسناك و ئەزموونەکەشمان دەکەوێتە دژواریەوە، واتە هەربیرو بۆچونێك بۆ سەپاندنی ئاشتی گەر بچوکیش بێت گرنگە بۆ کۆمەڵگای کوردستان، لەبەر ئەوەی هەموو کارێك بەهەنگاوی یەکەم دەست پێدەکات. لەم رەوانگەیەوە گەلێك نووسەر و رۆژنامەوان و هونەرمەندان پرۆژەیەکیان ئامادەکردوو لەلایەن سەدانی ترەوە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان پشتگیری لێکراو چاوەروانی دەست بەکاربونیان بوون. هەر لەسەرەتاوە لیژنەیەکی باڵا دروست بوو بۆ دیتنی سەرکردایەتی هەردوولا، تا بتوانن ئاڵوگۆڕی رابۆچونەکان بکەن بۆ نزیك بوونەوە لەخاڵە هاوبەشەکان. سەرەتا لەلایەن(ی.ن.ك)وە پێشوازی کران و متمانەیان دا بە لیژنەکەو ئیمزای خۆیان لەسەر خاڵی پێشنیار کراو کرد، لەسەر ئاستی بەرێز مام جەلال و ئەندامانی م.س زۆر بەگەشبینیەوە هاتن بەتەنگ مەسەلەکەوە، ووتیان ئەو دوخاڵەی هەتانە زۆر کەمە واچاوەروان دەکەین زیاتر داوا بکەن، بۆیە لیژنەکە زۆر گەشبین بوون و سورتر بوون لەسەر بەردەوامی کارەکەیان، پاشان سەردانی سەرکردایەتی(پ.د.ك)یان کرد. سەرەتا ئەندامانی م.س، پاشان لەئاستی سەرکردایەتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بینرا.ئەمانیش بەهەمان رۆحیەت بەتەنگ پێشنیارەکانەوە بوون. ئەوەی لێرەدا سەرنجی راکێشام ئەوەیە کەبیری ئاشتی لای سەرکردایەتی هەردوولا گرنگیەکی تایبەتی هەیەو کارکردی دەرونی و ویژدانی لای هەردوولا دروست کردووە. بۆیە من لێرەدا دەمەوێت بەکورتی لەسەر ئەو گفتوگۆیەی کە کرا بەچاوێکی رەخنە گرانەوە شتێك بڵێم.

سەرەتا بەرێز نێچیرڤان بارزانی قسەی کردوو( داخی بۆ هەڵگیرساندنی شەر خواست) درێژەی پێداو باسی لەوەستانی شەرکردو، وە کارکردی لەسەر بەرەو پێشەوە چوونی باروو دۆخ و بەدەستهێنانی شتی باشتر بۆ کۆمەڵ، بەڵێ راستە شەر دەبێتە مایەی ماڵوێرانی و دەربەدەری و کوشت وبر، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا مرۆڤ نرخی مرۆڤایەتی خۆی لەدەست دەدات،سەدان منداڵی ژیکەڵە بێ باوك دەبن و چەندان ژنیش بێوەژن دەکەون، ئاستی گوزەرانی ژیانیان نزم دەبێتەوەو لە سۆزی خۆشەویستی دووردەکەونەوە، بۆیە لەویژدانەوە رۆشنبیرانیش ئەسەف بۆ هەڵگیرساندنی شەر دەخۆن.هەروەها بەرێزیان ووتی ( چەند ساڵە شەر نییە، باشە خەڵك بەئاسایی ژیان دەبەنەسەر.ئێوە لەناو خەڵکدان باشتر لەسەرکردەکان ئازارەکان دەزانن). بەڵێ شەر وەستاوە ژیان ئاسایی بۆتەوە، رووی شارستانی خەریکە لەهەردوولا جێگیر دەبێت و بیرو هۆشی سەرکردەو خەڵك بەرەو بنیاتنانن و تازەکردنەوەو چاکردنی دێهات و شوێنە وێران بووەکانە. ئەوە واقعی کۆمەڵگەیە، و خەڵکی رۆشنبیری کە لەناو جەماوەردایە، ئاگاداری ئازارو بەخەبەر هاتنی ویژدانیانە، بۆیە دەبێت نوکی خامەکانیان هەمیشە بۆ ئاشتی فرمێسك برێژێت و پەرەی سپی بەوشەی ئاشتیبدرەوشێنێتەوە، تا ئەزمونەکەمان بپارێزین و لە ویژدانمانەوەهەستی شەهیدانبەرز رابگرین و لەبەر دەم بەرپرسیاریەتی مێژوییدا بین، ئەویش خەباتکردنمانە بۆ نەمانی زوڵم زۆر، بۆ بنیاتنانەوە، دامەزراندنی کۆمەڵگەی نوێخوازو دابین کردنی بیمەی بێکاریە بۆ کەمدەست و بێکارەکان، لەجیاتی بودجەی شەرو میلیتارکردن، با بودجەی ئاوەدانی و گەشە پێدانی کوردستان جێگیرەوە بێت. کاك نێچیر دەڵێت ( هەچ هەنگاوێك با چەند بچوکیش بێت، بەباشی دەزانین، سیقە نەماوە، دوو مانگ فرسەتمان بدەنێ..) بەڵێ هەروەك ووتمان هەنگاوەکان راستە بچوکە بەڵام زیاتر لێی وردبینەوە گەورەیە، رێگە خۆشکردنە بۆ گەراندنەوەی ئەو سیقەیەی کەنەماوە. واتە گەراندنەوەی متمانە بەیەکتری و نەمانی ترس لەدەرونی جەماوەری کوردستاندا، تا ئازادانە بتوانن رەئی خۆیان بدەن لەلایەنی چاك و خراپ، لەو کەسەی دەیەوێت خزمەتی خەڵك بکات،لەوەی دەیەوێت ئاست تەنگی دروست بکات لەبەردەم ئەزمونەکەماندا.ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین کەماوە پێویستە، چونکە برینەکان قوڵن، خەڵك بریندار بووە ئەمەش پێویستی بەکات و هێمنی هەیە، تا رووی شەرخواز و ئاشتیخواز ئاشکرا ببێت. کێیە دڵسۆزی نەتەوەو دوا رۆژی کۆمەڵگای کوردستان. جارێکی کە دەڵێت ( حەوسەڵەتان درێژ بێت، مەسەلەکە لەوە گەورەترە، چونکە سیقە نییە، بەداخەوە.. ) زۆر راستە، گەر مرۆڤ حەوسەڵەی نەبێت ناتوانێت هیچ کارێك بەئەنجام بگەیەنێت و هەنگاوێك بچێتە پێش، مەسەلەی ناکۆکی و ململانێکە زۆر گەورەیە، مێژوویەکی درێژەو خوینێکی زۆریش رژاوە، بۆیە پێویست بەکات و هێمنی و هەنگاو بەهەنگاوی کارەکانە تا برینەکان سارێژ ببن. راستە زۆرجار جەخت لەسەر سیقەیە، بەڵام گەر مرۆڤ خوازیاری خزمەتکردنی خەڵك بێت و بەرژەوەندیەتایبەتیەکانی وەلا بنێت و بەرژەوەندی نەتەوەیی بەرز راگرێت، ئەوا کارەکە برێك ئاسانتر دەبێت و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئاسۆیەك بەدی دەکرێت. لەم بوارەشدا پێویستە رۆشنبیرانی کوردیش درێغی لەدروست کردنی کەش و هەوای تەبایی نەکەن و خۆیان لەنوسینی تیرو توانج و ئاگر خۆشکردنی شەر بپارێزن. ئەو کات بەهەموولایەك دەتوانین خزمەتی پرۆسەی ئاشتی بکەین، بەوەش خزمەتێکی گەورەبە ئەزموونەکەمان و گەلە ستەمدیدەکەمان دەکەین. سەیرە کاتێك دانیشتن لەگەڵ برایانی یەکیەتی کرا، دیسان ئەوانیش

جەختیان لەسەر کەش و هەوای تەبایی و گەڕاندنەوەی متمانەوحەوسەڵە درێژی کرا, گەر مرۆڤ سەیرێکی ئەو دوو لایەنە بکات دەتوانێت بگاتە ئەوەی بڵێت, جیاوازیەك نابینم لەو مابەینەدا, کەواتە بۆچی کار وا بڕوات؟! بۆچی ئاشتی سەرتاسەری کوردستان ناگەڕێتەوەو دەست لەملانی برایانە نەبێت؟! ئەوەی بۆمن گرنگە ئەوەیە, پێویستە کار بۆ ئاشتی بکرێت, تا ئەزموونەکە لەدەست نەچێت. چونکە بەتیاچونی ئەزموونەکە, واتە تیا چوونی پارتی و یەکیەتی و خەڵکی پێکەوە. هەروەها کاك نێچیر دەڵێت ( چی روبدات دژی ئێمە, دژی یەکیەتیە, چی دژی یەکیەتی رووبدات دژی پارتیە ) خەڵکینە گەر بەویژدانەوە سەیری ئەم رستەیە بکەین وا هەست دەکەین سەرکردایەتی هەردوولا بە پەرۆشیەوە دەیانەوێت ئاشتی سەقامگیر بێت, چونکە هەمان قسە لەسەرکردایەتی یەکیەتیەوە ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە, بەڵام بەشێوازو دەربرینێکی تر. بەڵام بەداخەوە لەدانیشتنەکانی یەکیەتیدا من ئامادە نەبووم, تا بتوانم بە ئامانەتەوە بینوسمەوە, وەك بێلایەنێك لەهەردوولا, وەك رۆشنبیرێك لەخزمەتی گەلەکەمدا.

ئەوەی هەیەو هەبووە فەرهەنگی کۆنی رۆشنبیریە, کە هەموو کات دژی دەسەڵات بووە, بەڵام کامە دەسەڵات؟ ئەو دەسەڵاتەی بەئاگرو ئاسن رەفتاری دەکرد, لەگەڵ گەلی عێراقی بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی, وە رۆشنبیرانێکیش سەربە بەرەی گەل بوون, ئەوانەی هەمیشە خامەکانیان لەخزمەتی گەلدا بووەو دژی چەوساندنەوە بوون. بەڵام بۆ ئەمرۆکەی دەسەڵاتی کوردی دەبێت بەچاوی رەخنەوە بروانن رووداوەکان , کاری چاك و خراپ وەك خۆی هەڵسەنگێنن, تا بتوانن زیاتر لەخزمەتی خەڵکدا بن. بۆ ئەوەی ئەو پەردەی ترسەی کەهەیە لەنێوان رۆشنبیرو دەسەڵاتدا, تێکی بشکێنن, چونکە رۆشنبیران وەك دەسەڵاتی چوارەمن لەناو کۆمەڵدا, دەبێت دەوری خۆیان ببینن, نەك پاڵپشتی حیزبەکەو دەسەڵاتەکەی خۆیان بکەن. بەمە پیرۆزی رۆشنبیری شۆرشگێر لەدەست دەدەن, دەکەونە خانەی پاساودانی تاوان و هەڵەکانی حیزب و سەرکردەکانیان, ئەوەتا بۆ خودی نێچیرڤان بارزانی ئەو راستیە دەخاتە روو دەڵێت ( رۆشنبیری لەقولایی ویژدانی خەڵکدایە, بۆیە دەتوانن دوور بین بن, دوو حیزب دەسەڵاتدارە, بەڵام لەوانەیە وانەمێنێ پاش ٣٠ساڵی تر, بەڵام میللەتی کورد و رۆشنبیرانی دەمێنن). باشە لەکاتێکدا سەرکردەیەك ویژدانی وا بهەژێت و بەبیرێکی مۆدێرنەوەئەوە بڵێت و دەستنیشانی بکات کە گۆرانکاری دەبێت, لەواقیعدا ئەوە حەتمیەتی مێژووییە ئەو گۆرانکاریە, ئەدی بۆچی چیتر رۆشنبیران بەچاوی رەخنەو واقعیانە ناروانننە رووداوەکان؟ کاتێك رۆشنبیرێك لە قولایی ناخی خەڵکدا بێت, بۆ خەڵك خەبات بکات, دەبێت لەچی بترسێت و چی لەوە گەورەتر بێت مرۆڤ قوربانی بۆ بدات, ژیان خۆشە , بەڵام لەوە خۆشتر ئەوەیە مرۆڤ لەپێناوی ئازادی و نەمانی چەوساندنەوەی خەڵکیدا خەبات بکات و بێتە قوربانی...!

لێرەدا ئەوەندە هەیە بڵێم, کاروانی ئاشتی رۆشنبیرانی ئاشتیخوازهەمیشە لەدڵ و دەرونی خەڵکیدا دەژین, و برەو بەکاری خێرخوازیان دەدەن, تا بتوانن هەنگاوێکی دی بچنە پێش, بۆ نزیك بوونەوەو گەڕاندنەوەی متمانە بەیەکتر, تا لە داهاتوودا بتوانرێت ریشەی شەڕ و ناتەبایی بکێشرێت بۆ هەتا هەتایە ئاشتی باڵی بەسەر کوردستاندا بکێشێت, لێرەشەوە دەتوانرێت ئەزموونی راپەڕین بەرزو پیرۆز رابگیرێت.

حەسەن سەیدباقی

ئەڵمانیا ٢٠٠٠/١٢/١٥